# سەیر ئەوە بوو نەیانگرتبا..!

**نورەدین وەیسی**




هاڤینگەی بێخاڵ/ باشووری کوردستان

**گرتن وبێسەروشوێنکردنی هێژا د.کەمال قادر لەلایەن پارتییەوە بەلای منەوە هیچ سەیرو چاوەڕواننەکراو نەبوو،بەپێچەوانەوە ئەوە سەیربوو کەمال قادر بگەڕێتەوە هەولێرو پارتیش ڕێزی بگرێ وبەزمانی گوڵ ڕەفتاری دەگەڵ بکا،بۆیە من گەلێکم پێ سەیربوو جاری پێشتر کە گەڕایەوە هیچیان لێ نەکرد؛لە ڕۆژنامەگەرییدا ڕێسایەك هەیەودەڵێ ئەگەر سەگێك گازی لە کەسێك گرت ئەوەشایانی ئەوە نییە بکرێتە هەواڵ ، ئەوە شایستەی ئەوەیە بکرێتە نووچە مرۆڤێك گاز لە سەگێك بگرێت، لەبەر ڕۆشنایی ئەوڕێسایەدا پارتی ویەکێتی ئەگەر لەسەر ڕەخنەگرتن خەڵك نەگرن وبێسەروشوێن نەکەن ئەوە دیارە بانگەشەکانیان لەمەڕ دێمۆکراسیبوونەوە زۆر ڕاستن و ئێمە لەخۆڕا بەرۆکیان دەگرین.!**

ئەزیش وەك زۆر كەسی دی دەگەڵ ئەو شێوازوزمانی نووسینە نەبووم كە كەمال قادر لەنووسینەكانی ئەم دواییانەیدا بەكاری هێنا چونكە ئەم شێوازی نووسینە جگەلەوەی لەكەسێكی ئەكادیمیك ویاساناسی وەك د.كەمال چاوەڕێ ناكرێت ،بەدڵنیاییەوە هیچ ئامانج ومەبەستێكیش ناپێكێت وسەرەنجام ئەگەر ناوەڕۆكەكەشی راست بێت،ئەوە بەگشتی لەلای خەڵكی پەسەند نییە، دیارە من هەرگیز مەبەستم ئەوە نییە چوارچێوەو شێوازی نووسین بۆ هیچ كەسێك دەستنیشان بكەم چونكە هەرنووسینێك -چاك وخراپ- خودی نووسەرەكەی لێی بەرپرسە،بەڵام چونكە مەبەستی هەموومان بەكەمال قادریشەوە بەرەوپێشبردنی كومەڵگەی كوردستان وروەبەڕووبوونەوەی ئەوگەندەڵیەیە كەئەورۆ دەسەڵاتی باشووری كوردستانی تێدا نغرۆ بووە،بۆیە هەقە ئاگاشمان لەوەبێت كەبەزمانێكی پاقژ وباڵا رەخنەكانمان بخەینە ڕوو،بەتایبەتیش نووسەرانی دەرەوەی وڵات كە هەمیشەبەوەتۆمەتبار دەكرێن كەزۆر هەڵەشەو خەیاڵپڵاون ودەیانەوێ بەشەوورۆژێك كوردستان ببێتە ئەورووپاو ئەمریكا..!

ئەورۆ لەكاتێكدا ئەنفالچی وبەعسیی لەكوردستاندا نەك هەر بەخشراون بەڵكو كراونەتە نوێنەرودەمڕاستی كوردیش،ئیدی بەچ ماف ویاسایەك كەمال قادرێك دەستگیر دەكەن كەئەوەندەی من بیناسم رۆژێك لە رۆژان بەعسیی نەبووەولەداخی بەعسییەكانیش كوردستانی بەجێهێشت وگەڕایەوە نەمسا، ئەگەر لەسەر ئەوەیە كەگوایا بێ رێزی بەرامبەر سەركردەكانی كوردستان كردووە ،ئەوە لەوڵاتە دێمۆكراتییەكان - كە بەقسەی پدك وینك كوردستانیش یەكێكیانە - بێ ئەندازە سووكایەتی وگاڵتە بە سەرۆك و سەركردەكان دەكرێت وكەسیش لەسەر ئەو كارە گونی ناگیرێت، وەڵێ ئەگەر هەر سوورن لەسەر دادگاییكردنی بێڕێزەكان ئەوە دەبێ لەپێش هەموویانەوە سەركردەكانی پارتی ویەكێتی راپێچی بەردەمی دادگا بكرێن،ئاخر كەس هێندەی ئەوان سووكایەتی وبێڕێزیان بە كورد وكوردستان نەكردووە ،وای لێهاتبوو لە كاتی شەڕ نێوخۆدا خەڵك پێی شەرم بوو بڵێ كوردم ، ،كەسیش لەسەر ئەو زیانە مرۆیی و دارایی ودەروونی وواتاییەی شەڕەكانی پدك وینك بە كوردوكوردستانیان گەیاند دادگایی نەكرا.

دەستگیركردنی كەمال قادر وپێشتریش لەسەركارلادانی بەڕێز فەتاح زاخۆیی لەلایەن یەكێیتیەوە لەسەر دەنگنەدانی بەدەستووری ڕەشی ئاخوندی عیراق،سەدپاتی دەكاتەوە كەئەم دوو لایەنە بەپێچەوانەی بانگەشەو پڕوپاگەندەكانیان چەند دژی دیمۆكراسین وچەندیش لە رەخنە و بیروڕای ئازاد دەترسن .